حکومەتی عێراق نیگەرانی خۆی لە بەئامانجگرتنی دامەزراوە ئەتەمییەکان لە ناوخۆی ئێران دەردەبڕێت

ئەمڕۆ یەکشەممە، حکومەتی عێراق نیگەرانی خۆی لە بەئامانجکردنی دامەزراوە ئەتەمییەکانی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی.

"باسم عەوادی" وتەبێژی حکومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا کە موتەبع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: "حکومەتی عێراق نیگەرانی قوڵی خۆی لە بەئامانجکردنی دامەزراوە ئەتەمییەکان لە ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی و جەختیش دەکاتەوە کە "ئەم هێرشانە سەربازییە مەترسیەکی جددی بە سەر ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکات و سەقامگیری ناوچەکە دەخاتە بەردەم مەترسی گەورە،بەیە عێراق پرنسیپی نەگۆری خۆی بە بەکارهێنانی هێز ڕەتدەکاتەوە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و داوای ڕێزگرتن لە سەروەری دەوڵەتان و خۆبەدوورگرتن لە بەئامانجگرتنی دامەزراوە گرنگەکانیان دەکات، بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتەمیدان و بە مەبەستی ئاشتیانە بەکاردەهێنرێن.

جەختیش دەکاتەوە کە چارەسەری سەربازی ناتوانێت جەگرەوەی دیالۆگ و هەوڵی دیپلۆماسی بن و بەردەوامی ئەم هێرشانە دەبێتە هۆی هەڕەشانی مەترسی بە سنووری وڵاتان و کاریگەری لەسەر سەقامگیری ناوچەکە و جیهان دەبێت.

لە درێژی بەیاننامەکەی عەوادی داهاتووە: شەڕ جگە لە وێرانکاری هیچی تر لە دوای خۆیان ناهێنن و بەرپرسیارێتی وێرانی زلهێز و دەزگا نێودەوڵەتییەکان ، کە دەبێت هەوڵی گۆڕکردنی جیهان بدەن لە قەیرانی زیاتر و ئاگری شەڕ .

رووونیشی دەکاتەوە : کە عێراق لەسەر بنەمای بەرپرسیارێتی خۆی بەرامبەر بە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی، داوای کەمکردنەوەی خێرای پەرەسەندن و کردنەوەی کێنەی دیپلۆماسی بەپەلە بە کێنتڕۆڵکردنی دەخەکە و هەوڵدان بە هەورکردنەوەی قەیران و دەستبەرکردنی ئاسایشی بەکەمە و وەزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکان و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.